ژمارە
121
ساڵی حەوتەم ٢٠١١/٢/٢٥
بەکاتی: دەستوەردان لەخۆ پیشاندان



## خەبەر عاجیل

پەیامنێرمان لە (سەنعا)ی پایتەختی یەمەنەوەو لەڕێی فەیسبوکەوە ئەم خەبەرە عاجیلەی بڵاوکردەوەو ئێمەش لیَمان دزی، گوایا شەپۆلی فڕکان فڕکانی ڕوئەسای عەرەب وڵاتی یەمەنیشی گرتۆتەوەو دانیشتوانی ئەو وڵاتەش دەیانەوێ لەو خێرو حەسەناتە بێبەش نەبن و بەم زوانە چنگ لەسەرشان عەلی عەبدوڵڵا ساڵحی سەرۆکیان بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵفڕێنن، بەڵام لیَتان تێکنەچێ خۆپیشاندانی وڵاتی یەمەن زۆری فەرقە لەتەک وڵاتانی تونس و میسر، بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە پاشەڵی کاک عەلیەوە ل٣٧



www.gep-media.com
E: gepgovar@yahoo.com
Tel: 0750 704 3082
گۆڤارێکی مانگانەی کاریکاتێرییە
ئەوەڵ ژمارە ٢٠٠٤/١٠/١
لە دەستمان دەرچوو
متمانەی ژمارە (٨٤) ی ٢٠١٠/١/٧ی
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی پێدراوە

**خاوەنی ئیمتیاز**
ئیسماعیل بەرزنجی

**سەرنووسەر**
محەمەد قادر
sardamm2003@yahoo.com

**نوێنەری گۆڤار لە دهۆک**
سەردار کێستەیی
serdar_kesteyi@yahoo.com

**نوێنەری گۆڤار لە سلێمانی**
پەروەر
Tel: 07701492911

**دەستەی نووسەران**
ڕەوف حەسەن
حسن العانی
ڕێبوار ئدریس
نەجات حەمید
ساڵار حەسەن
کەژاڵ ئیسماعیل
کەریم مودەریس

**هونەرمەندانی کاریکاتێریست:**
عەلی مەندەلاوی | عەلی دەرویش
خضیر الحمیری | سەردارکێستەیی
پەروەر | سالم سەلیم
سۆران کوردپوور | ئەحمەد مەندەلاوی
ڕۆستەم زادە (ئامۆ) | زێرەڤان ساڵح
سەید مەحمود موکری | سەرتیپ فەتاح
ئاراس باڵاتەیی | سەربەست ئەفەندی
فەرەیدون هاوار | بابان

**نووسەرانی بەشداربوو**
ئەحە نۆکە | بەختیار حەسەن
ڕەفعەت کەرکوکی | شوان غەمبار
کاروان فەتحی | مەنسور دەرویش زادە

ناونیشان: هەولێر- گەڕەکی ئەندازیاران

چاپخانەی موکریانی- هەولێر

## دڕکبژێر



تۆ بڵێی ڕاوی چی بکات؟ ل14



ئەم کابرایە سەلام لە کێ ئەکات؟ ل21



تۆ بڵێی دۆلفینێک ڕاو نەکات؟ ل29

**بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەڕێژ**
رزگار فەقێ عەوڵا
rzgarfaqe@yahoo.com

**بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی**
چیار ئەحمەد ساڵار

**ماڵپەڕ:**
ڕێباز نەجات

**دیزاین**
چیارئەحمەد
دلاوەر جەمیل

**سەرپەرشتی چاپ:**
هێمن نەجات

هەر دەزگاو کتێبخانەیەک ویستی بەشداری لە کرینی گەپ هەیە، پەیوەندی بەم ژمارانەی دەزگای تەتەرەوە بکات
٠٦٦٢٥٠٢٢٢٣ ٠٦٦٢٥٠٢٢٢٤ ٠٦٦٢٥٠٢٢٢٥

نرخ: ٥٠٠ دینار ئەگەر فریای بکەویت
تیراژ: ٤٠٠٠ دانە

## سەروتار




## بەمەزندە



* بەمەزندەی نانخۆرە سەر ڕەحەتەکانی وڵات و بە ئەقڵی نانەواکانی بواری ئارد تێکەڵا کردن، دوای ئەوەی لەسەرجەم نانەواخانەکاندا خەریکە قەبارەی نانێک ئەوەندەی روبعیەکی ئاسنی جارانی لێ دێتەوە، پێشبینی دەکرێت لەمەودوا لە جیاتی عەلاگە، نان بخرێتە گیرفانەوە و نانکرەکانیش باریان سووکتر بێت !...
* بەمەزندەی خەبیرەکانی تەربیەو تەعلیمی تازە، پاش ئەوەی قۆپیەکردن (ئیمتحان دوای ئیمتحان) نوێگەری و تازەگەری و ئەفراندنی تێدا دەکرێت، لەوانەیە وانەیەکی نوێی تایبەت بە قۆپیەکردن بخرێتە مەنهەجەوە، هەتا کەس نەتوانێت قۆپیەی تێدا بکات!..
* بەمەزندەی ئەو سایقانەی تەیارە نایانگرێتەوە، پاش ئەوەی سەیارە لە جسر بەرئەبێتەوەو یان خۆی ئەکات بە دوکاناندا، یان بەچۆڵی سەر ڕەسیف ئەکەوێت، چاوەڕوان دەکرێت بۆ ئینتاجی داهاتوویان کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبیل ( ستاپ ) و (برێک ) درووست نەکەن، چونکە تاقیکردنەوەکانی هاتووچۆ سەلماندوویانە ئەو دوو شتە مەسرەفی زیادەن !..
* بەمەزندەی پەرلەمانتارەکانی دەنگی میللەت و بە بۆچوونی مەعاشخۆرە مەعەدەل موفلیسەکان، دوای ئەوەی دەرکەوت مەعاشی هەر پەرلەمانچیەکی عراقی تەنها ( ٤٠) ئەوەندەی داهاتی هاووڵاتیەکە، چاوەڕوان دەکرێت هاووڵاتیانیش داوای پەرلەمانێک بۆ خۆیان بکەن، هەتا مەعاشەکەیان بەشیان بکات !!.

## شاشەی tv یەکان

* له شاشەی سەتەلایتی (KNN) لە ڕاپۆرتە هەواڵێکدا هاوڵاتیانی ناحیەی خورماڵی نیشاندا، گوایە بەهۆی نەبونی خزمەتگوزارییەوە پشتگیری لە بەیاننامەکەی بزوتنەوەی گۆڕان دەکەن، وەلێ ڕاپۆرتەکە تەنها وێنە بوو دەنگی لەسەر نەبوو تاوەکو بزانیین ئەو خەڵکە چی ئێژن؟ خوا پێم نەگرێ لەوە ئەچوو هاوڵاتیان زەمی خودی کەناڵەکەیان کردبێ!

* لە شاشەی کەناڵی ناوخۆیی (نیولاین)دا برادەرانی کۆنترۆڵ خێریان بنوسێ ئاشنایان کردینەوە بە فۆلکلۆرو بە یەکێک لە گۆرانییە ڕەسەنەکانی هونەرمەند کەریم کابان بەڵام لەناوەڕاستی گۆرانییەکەدا سیلسیلەی ئەفکاری ئێمەش و گۆرانییەکەشیان قرتاند بۆ گۆرانییەکی فول غەربی، ئیتر نازانم مەوزوع چی بوو؟

* ئەگەر بەحسابی ئەو ڕیکلامە بێ لە کەناڵی ئاسمانی سپێدەدا بۆ گسکی کارەبایی هیتاشی دەکرێ، دەبێ پێش گسکدانی قاتی سەرەوە هۆشداری بە برادەرانی قاتی خوارەوە بدرێ لەماڵ بچنە دەرەوە، چونکە خوا قبوڵ ناکات تا قاتی سەرەوە گسک دەدرێ زەلامەکانی قاتی خوارەوە سەریان بە سەقفەکەوەبێ!

* تەلەفزیۆنە کوردییەکان کلیپەکەی (موژدین) بڵاو ناکەنەوە، گوایە لەبەر ئەوەی لەقطەیەکی گۆرانی بێژەکەی تێدایە لە (WC) دا. کەچی بەم چاوانەی خۆم لە بەرواری ٢٠١١/٢/١٦ سەعات ٢/٢٥ دەقە فلیمێکی بیانیم لەشاشەی زاگرۆس TV دا بینی ژنە ئەکتەرێک لەناو WC دا. بەنیمچە ڕووتی نقەی ئەهات! (بانێک و دوو WC).

**هەرێمی کوردستان و مەترسییە دەرەکییەکان**






## نوکتەی سەفەری

* کابرایەکی شێت دانیشتبوو قاچی هەزار پێیەکی دەبڕی، لێیان پرسی؟ باشە بۆ قاچی ئەم داماوە دەبڕی؟ کابرای شێت وتی: بۆ ئەوەی ناوەکەی قورس بێت، ناوەکەی ببێت (٩٩٩) پێ.






سالار حەسەن

## نامەیەك لە وەزارەتی ئەلیکترۆنی ئەورووپاوە بۆ/ دەوائیرەكانی هەرێمی كوردستان

لە مێشکی ساف و بێ ئەندێشەوە
لە ولاتانی ڕیزی پێشەوە
لە دەوائیری ئەوروپییەوە
لەکارمەندانی ڕوو سپییەوە
نامە دەنێرین بە ئەلیکترۆن
بۆ ئەو هەرێمەی نیمچە سەربەخۆن
کوردستانێکی پڕ لە وەزارەت
مشەی ڕۆتین و خشەی توجارەت
بیستومە دەڵێن ڕۆتین لای ئێوە
ڕێواسی مزرەو دەخورێ بەخێوە
هاولاتی ئێمە خۆی لەماڵەوە
لەتوێی بیجامەو کەیف و حاڵەوە
لەڕێی ئیمەیل و خەتی ئەنتەرنێت
عەریزەی هەبێ بۆمان دەنێرێت
ئێمەش بۆ ئەوەی ئیزعاجی نەکەین
تەفنیشی خەو و میزاجی نەکەین
هەر بەیەک کلیک حەلیدەکەین بۆی
پۆستیشی دەکەین بۆ بەردەرگای خۆی
عەریزەی ئێوەش خەڵکانی بخۆر
دەیڕازێننەوە بە ئیمزاو بە مۆر
ئێمە مەلەفی هاولاتییەکانمان
لەسەر هارد دیسکەو ون نابن لیّمان
ئێوەش سەد دۆلاب ئەمدەس بۆ ئەو دەس
لە هەر شارێکدا سەد مەغزەنتان هەس
ئێمە فایلی دەساڵ پێش ئێستا
هەر بەیەک چرکە وا لەبەر دەستا
ئێوەش کتابی سێ ڕۆژ لەمەو پێش
نۆ مانگ بەدوایدا دەیکەن مێشە مێش
لەتاو موراجیع حاڵتان ڕۆژانە
عەینەن ئاپۆڕای خۆپیشاندانە
باقی وەسەلام وەزیر و مودیر
بۆ ئیمزاو مۆرێک عالەم مەکەن پیر.






تەعەجوب!

لەگەڕەکی سەروەرانی شاری هەولێر هۆڵێکی تێدایە تایبەتە بە مەراسیمی پرسەگێران، بەڵام سەیر لەوەدایە جار جار دەبێتە هۆڵی شایی و خۆشترین ڕەشبەڵەکی تێدا سازدەکرێ!

ترافیک لایتی لای زێڕەنگەرەکانی کەرکوک شورتی مرووریکی لێیە، قورعان بە حەقت تاوەکو پخێکی لێنەکەیت ئاگای لەخۆی نییە، دایم خەریکی مۆبایل و سەیرکردنی حورمەیە!

بە سوچە نیگای چاو سەیری بلۆتۆزی مۆبایلی برادەرێکم کرد ناوی لێنابوو دلّخۆش غەمبار، ئیتر نازانم ئەم بەندەی خودایە چۆن چۆنی لە مەسەلەی دلّخۆش و غەمبار حالّی بووە؟!

لە دەربەندیخان لە ترافیک لایتێکدا گلۆپی سەوز ڕۆشن بوو، ویستم بڕۆم، کەچی کاکی مرور ئێمەی ڕاگرت و موخالەفەچییەکانی بەڕێکرد، ڕەنگە یاسای هاتوچۆ لە ویلایەتی دەربەندیخان بەو جۆرەبێ!!

لە (دۆمیز)ی شاری کەرکوک دوو ڕۆژ بوو باران خۆشی کردبوو، کەچی تازە بەتازە لافاو هەڵدەستا، تومەز ئاوەکەی خاسەیە لە مەجراکانی دۆمیزەوە تەشریفیان سەردەردێنن!




